# دەربارەی دەوڵەتی سیکۆلار



کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەنوەر نەجمەدین

دیسامبری ٢٠١٧

# دەوڵەتی سیکۆلار

کارل مارکس

تەنها لەووڵاتەکانی ئەمریکای باکووریدا -لای کەم لە هەندێکیاندا- مەسەلەی ئاین [مەسەلەی جوولەکە] بایەخە تیۆلۆژیەکەی خۆیی وون کردووەو بۆتە پرسێکی سیکۆلاری واقیعی. تەنها لەو شوێنەی دەوڵەتی سیاسی لە فۆرمە تەواو پێشکەوتووەکەیدایە، دەتوانرێت پەیوەندی جوولەکە، وە بە گشتی پەیوەندیی پیاوانی ئاینی بە دەوڵەتی سیاسیەوە، لە خەسڵەتە تایبەتەکەی خۆیدا، بە خالیسی، خۆی نیشان بدات. وە هەر ئەوەندەی دەوڵەت لەوە بووەوە هەڵوێستێکی تیۆلۆژیی وەربگرێت بەرامبەر بە ئاین و وەک دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات بەرامبەر بە ئاین، ئیتر ڕەخنەی ئەم پەیوەندیەیش لەوە دەبێتەوە کە ڕەخنەیەکی تیۆلۆژی بێت - واتە دەبێتە ڕەخنەیەکی سیاسی ...

بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەمریکای باکووریی، هەر ووڵاتی ئاین پەروەریە، وەک تێکرا، بۆمۆن و تۆکفیل و هامیڵتنی ئینگلیزییش دڵنیایی لەسەر دەدەنەوە. ئەو ووڵاتانەی ئەمریکای باکووریی، هەر تەنها وەک نموونەیەک خزمەتمان پێدەگەیەنن. پرسەکەیش ئەمەیە: پەیوەندیی تەواوی ڕزگاریی سیاسی چیە بە ئاینەوە؟ وە ئەگەر تەنانەت لە ووڵاتێکدا کە ڕزگاریی

سیاسی تەواوی تێدایە، ببینین ئاین هەر لە بووندا نیەو بەس، بەڵکو تەنانەت فرێش و بەهێزو زیندوویش خۆی دەنوێنێت، ئەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە بوونی ئاین ناکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ کامڵ بوونی دەوڵەتدا. وە لەکاتێکا بوونی ئاین، بوونی کەم و کورییەکە لە دەوڵەتدا، ئەوا توانای گەڕان نیە بە دوای سەرچاوەی ئەو کەم و کوڕیەدا، تەنها لە سروشتی خودی دەوڵەت خۆیدا نەبێت. وە ئیتر ئەوکاتەیش ئێمە ئاین بە هۆکاری ئەو کەم و کوڕیە دانانێین، بەڵکو بە کەم و کوڕیی سیکۆلاریزمی دادەنێین. لەبەر ئەوە ئێمە، سنووردارێی ئاینی هاوڵاتیە ئازادەکان، بە سنووردارێی سیکۆلاریزمەکەیان ڕوون دەکەینەوە. ئێمە ناڵێین ئەوان دەبێت سەرکەون بەسەر سنوورداریە ئاینەکەیاندا تا لە سنوورداریە سیکۆلارەکەیان دەرباز بن، ئێمە دەڵێین ئەوان هەر ئەوەندەی ڕزگاریان بوو لە سنوورداریە سیکۆلارەکەیان، ئیتر ڕزگاریان دەبێت لە سنوورداریە ئاینیەکەیشیان. ئێمە پرسە سیکۆلارەکان ناگۆڕین بە پرسێکی تیۆلۆژی [لاهوتی]، بەڵکو ئێمە پرسە تیۆلۆژیەکان دەگۆڕین بۆ پرسە سیکۆلارەکان. مێژوو زۆر دەمێکە لەنێو ئەفسانەدایە، ئێمە ئێستا ئەفسانە دەخەینەوە نێو مێژوو. هەربۆیە بەلای ئێمەوە، پرسی پەیوەندیی ڕزگاریی سیاسی بە ئاینەوە، دەبێتە پرسی پەیوەندیی ڕزگاریی سیاسی بە ڕزگاری ئینسانیەوە. ئێمە ڕەخنەی لاوازیی ئاینیی دەوڵەتی سیاسی، بە ڕەخنەی دەوڵەتی سیاسی خۆی دەگرین لە فۆرمە سیکۆلارەکەیدا، ئیتر ئەمە بە چاوپۆشین لەو لاوازیانەی دەوڵەت کە بەستراون بە ئاینەوە.

لەلای ئێمە، ناکۆکی نێوان دەوڵەت و ئاینێکی دیاریکراو، بۆ نموونە ئاینی جوولەکە، هەروەک ناکۆکی نێوان دەوڵەت و ڕەگەزە سیکۆلارە تایبەتەکانی، فۆرمێکی ئینسانی پێ دەبەخشرێت؛ ناکۆکی نێوان دەوڵەت و ئاین بە گشتی، هەروەک ناکۆکی نێوان خودی دەوڵەت و پێشمەرجەکانێتی بەگشتی. واتە ڕزگاریی سیاسی جوولەکە، وە مەسیحییش، بە دەربڕینێکی کورت، ڕزگاریی مرۆڤی ئاینی، مانای ڕزگاربوونی دەوڵەتە لە جوولەکەو لە مەسیحیەت، وە لە دین بەشێوەیەکی گشتی ...

واتە ڕاستەوخۆ، سنووری ڕزگاریی سیاسی، لەم واقیعەدا دەردەکەوێت: دەوڵەت دەتوانێت خۆی لە بەربەستێک ڕزگار بکات، بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاری بووبێت لە دەوڵەت، وە لەو واقیعەشدا دەردەکەوێت کە دەوڵەت دەتوانێت ئازاد بێت، بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت تیایا ....

کەواتە دەوڵەت دەتوانێت لە دینێک ڕزگاری بووبێت، ئیتر ئەگەر تەنانەت هێشتا زۆرینەیش ئاینپەروەر بن، بەڵام دەوڵەت لە ژیانە تایبەتیەکەی خۆیدا هەروەک ئەو زۆرینەیە دەبێت. بۆیە هەڵوێستی دەوڵەت، بەتایبەت دەوڵەتی ئازاد، بەرامبەر بە ئاین، هیچ نیە هەڵوێستی ئەو کەسانە نەبێت لە دین کە خۆیان دەوڵەت پێکدەهێنن. هەر بەوجۆرە، کاتێک مرۆڤ بەهۆی دەوڵەتەوە ڕزگاریەکی دەست دەکەوێت، ئەوکاتە ڕزگار بوونەکەی تەنها ڕزگاریەکی سیاسیە لە بەربەستێک ...

بەڵێ، ئەو دەوڵەتەی ناودەبرێت بە دەوڵەتی مەسیحی، واتە دان بە مەسیحیەتدا دەنێت وەک بنچینەی خۆی، دانی پێدا دەنێت وەک دینی دەوڵەت، وە هەڵوێستێکی جیاواز وەردەگرێت بەرامبەر بە ئاینەکانی تر، ئا ئەوە دەوڵەتێکی کاملی مەسیحیە، ڕاستتر دەوڵەتێکی ئەتێئیستە، دەوڵەتی دیموکراسی، ئەو دەوڵەتەی دین دەخاتە نێو هەموو ڕەگەزەکانی تری کۆمەڵگای برجوازیەوە ...

کەواتە ئەو ناکۆکیە سیکۆلارەی دواجار، پرسی جوولەکەیش خۆیی تێدا بچووک دەکاتەوە، هەر پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی سیاسی و پێشمەرجەکانیەتی، وە ئەگەر ئەو ڕەگەزانە ماتریالیستی بن، وەک موڵکدارێتی تایبەتی، یان ڕەگەزە ڕۆحیەکان بن، وەک ڕۆشنبیری و ئاین، ناکۆکیەکە هەروەک خۆی، لە نێوان بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی تایبەتیدا دەمێنێتەوە، ئەم شەق بوونەیش لە نێوان دەوڵەتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا هەر دەمێنێتەوە - برۆنۆ باوەر واز لە ناکۆکیەکانی نێو سیکۆلاریزم دەهێنێت و دەکەوێتە دژایەتی دەربڕینە ئاینیەکانیان ...

لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی مەسیحی پێرفێکت ئەو دەوڵەتە نیە کە ناودەبریت بە دەوڵەتی مەسیحی -ئەو دەوڵەتەی دان بە مەسیحیەتدا دەنێت وەک بناغەی خۆی، وەک دینی دەوڵەت، وە لەوەیشەوە هەڵوێستێک وەردەگرێت بەرامبەر بە ئاینەکانی تر. بە پێچەوانەوە، دەوڵەتێکی مەسیحی پێرفێکت، دەوڵەتی ئەتێئیستیە، دەوڵەتی دیموکراسیە، ئەو دەوڵەتەیە کە

ئاین دادەگرێتە نێو ڕەگەزەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنیەوە. ئەو دەوڵەتەی هێشتا دەوڵەتێکی تیۆلۆژیە، وە هێشتا مەسیحیەت بە ئاینی فەرمی خۆی دادەنێت، وە هێشتا بوێری ئەوەی تێدا نیە خۆی وەک دەوڵەت ڕابگەیەنیت، ئەو دەوڵەتە، لە واقیعی خۆیدا وەک دەوڵەت، هێشتا سەرکەوتوو نیە لە دەربڕینی بونیانە مرۆییەکەیدا -ئەو بونیانەی مەسیحیەت بەرزترین دەربڕینێتی لە فۆرمە سیکۆلارە مرۆییەکەیدا - لە دەربڕینی ئەو بونیانە مرۆییەدا کە مەسیحیەت بەرزترین دەربڕینە لێی ....

دەوڵەتی دیموکراسی، دەوڵەتی واقیعی، پێویستی بە ئاینێک نیە بۆ کامڵ بوونی. بە پێچەوانەوە، دەتوانێت واز لە ئاین بهێنێت، ئەمەیش لەبەر ئەوەی بناغە مرۆییەکەی ئاین، بەشێوازێکی سیکۆلار، تێیدا پراکتیزە دەکرێت.

لە لایەکی تریشەوە، ئەوەی ناودەبرێت بە دەوڵەتی مەسیحی، هەڵوێستێکی سیاسی هەیە بەرامبەر بە ئاین وە هەڵوێستێکی ئاینی هەیە بەرامبەر بە سیاسەت ....

ئەی کەواتە بناغە سیکۆلارەکەی جوولەکە چیە؟ پێویستیەکی بەکردەوەیە، بەرژەوەندیی خودە. ئەی دونیایی بوونی ئاینی جوولەکە چیە؟ بازرگانیە. ئەی یەزدانە دونیاییەکەی جوولەکە چیە؟ پارەیە ...

خوای جوولەکە بۆتە سیکۆلار و بۆتە خوای جیهانیش. خوای ڕاستەقینەی جوولەکە، ئاڵوگۆڕی بازرگانیە. خواکەی ئەو هەر وەهمی ئاڵوگۆڕی بازرگانیە ....

سەرچاوە: کارل مارکس *The Jewish Question, 1843*[1]

---

[1]. لە چاپی عەرەبی کتێبی "حول المسألة الیهودیة - دەربارەی پرسی جوولەکە" دا، تەنها ٢ جار ووشەی سیکۆلاریزم بەکارهێنراوە، وە ئیتر هەموو ووشەکانی تر، کراونەتە "دونیایی" لە بری "سیکۆلار – secular". هەر لەبەر ئەوەیشە، خوێنەری ئەو چاپە عەرەبیە، هەرگیز لەوە تێناگات ئەو کتێبە دژی سیکۆلارەکان و ئەتێئیستەکان نووسراوە. دروستە، ئەو ووشەیە لە هەندێ شوێندا، دەبێتە "دونیایی". بەڵام خودی باسەکە خۆی لەسەر سیکۆلاریزمە.
ئەنوەر